# گەریلاکانی پژاک هەڕەشەی خۆتەقاندنەوە لە ئەمریکا دەکەن!

ئەندامێکی سەرکردایەتیی **پژاک** لە وتوووێژێکدا لە گەل ئاسۆسییەتێد پریس گوتویەتی: 'بەشێک لە گەریلاکانی ئێمە، بۆ ئەوەی تۆڵەی هاوڕێکانیان وەرگرنەوە، دەیانەوێت دەست بە کاری خۆتەقاندنەوە بکەن، بەڵام ئەو کارە لە ژێر چاودێری ڕێکخراودا دەبێت'

میدیاکانی جیهان گرنگی زۆریان بەو لێدوانەی **پژاک** داو بە خاڵی وەرچەرخانی نەرێنی لەقەڵەمدا.

پاتی ژیانی ئازادی کوردستان کە وەک باڵی ڕۆژهەڵاتی پارتی کرێکارانی کوردستان دەناسرێ، چەند ساڵێکی کەمە خۆی ڕاگەیاندووەو چالاکی سەربازی دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران ئەنجام دەدات، کۆماری ئیسلامی ئێران بەردەوام حکومەتی ئەمریکای بەهاوکاریکردن لەگەڵ پژاک تۆمەتبارکردووە، هەرچی بەرپرسانی پژاکیشین زۆر جاران باسیان لە دیداری نێوان خۆیان و بەرپرسانی ئەمریکا کردووە، تەنانەت لەماوەی ڕابردوودا هەواڵەکان ڕایانگەیاند کە ئەمریکا دەیەوێ گەریلاکانی پەکەکە بەتەواوی تێکەڵاوی پژاک بن و دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێران درێژە بە چالاکی بدەن، بەڵام لەوەتەی فرۆکە جەنگیەکانی تورکیا بنکەو بارەگاکانی ئەو پارتە لە بناری قەندیل بۆردومان دەکەن، بەتایبەتیش دوای ئەوەی کە لە دواین بۆردوماندا شەش گەریلا گیانیان لەدەست دا، سەرکردایەتی پژاک ڕادەگەیەنێ کە حکومەتی ئەمریکا لە بواری زانیاری سەربازی و چەکی مۆدێرنەوە هاوکاری تورکیا دەکات. بەوهۆیەشەوە گرژی لە پێوەندی نێوان پژاک و ئەمریکا بەدیار کەوتووە.

لەم بارەیەوە بێریتان دەرسیم" ئەندامی سەرکردایەتیی **پژاک** لە هەفتەی ڕابردوودا لە وتووێژێکدا بە ئاسۆسییەتێد پریسی گوتبو : 'ئێمە هەڵوێستی خۆمان لەبەرانبەر ئامریکادا گۆڕیوە و ئێستا لەبەرامبەریاندا ڕادەوەستین و لەوانەیە ڕۆژێک هێزەکانی ئێمە بە تاک لە ناو خاکی ئێراق و تورکیا و تەنانەت لە دژی بەرژەوەندییەکانی ئەمریکاش دەست بە کاری خۆتەقاندنەوە بکەن'

هەرچەندە تا ئێستا سەرۆکی و دەفتەری سیاسی پژاک ئەو لێدوانەیان شرۆڤە نەکردووە، بە ئەرێ و نەرێ خۆیان لێ بەخاوەن نەکردووە، بەڵام لێکدانەوەکان ئاماژە بە هاتنە ئارای گرژی لە پێوەندی نێوان پژاک و هێزەکانی ئەمریکا دەکەن، چونکە پێشتر چەندین جار ئەنکارا هاواری لێهەڵساوەو ڕایگەیاندووە کە لەرێگەی پژاکەوە چەکی ئەمریکی بە دەست گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان دەگات، بەوهۆیەوە لە ئەمریکا خواستوویەتی کە چیتر هاوکاری پێشکەش بە پژاک نەکات.

هاوکاری نێوان پژاک و ئەمریکا ئەگەر هەبووبێ، یان لەداهاتوودا پەیدا ببێ، لەسەر ئامانجی هاوبەش کە ڕاوەستان دژ بە کۆماری ئیسلامی ئێرانە سەرچاوە دەگرێ، بەڵام لەکەس شاراوە نیە کە ئەمریکاو تورکیا دۆست و هاوپەیمانی دێرینی یەکترن، هەرگیز ئەمریکا بۆ خاتری کورد پشت لە تورک ناکات، بەڵام سیاسەتی دوژمنی دوژمنم، دۆستمە پێڕۆ دەکات، لەوانەیە وەکو کاتی هەردوولایەن سوودی لێببینن، بەڵام لە ئاکامدا تەنیا کوردی بەشمەینەت تێیدا زەرەرمەند دەبێ، چونکە ئەمریکا هیچ هەنگاوێک هەڵناگرێتەوە ئەگەر لەبەرژەوەندی گشتی خۆی و بەرنامەکەیدا نەبێ وێڕای ئەوانەشەوە هیچ لەبەرژەوەندی پژاک دانیە کە لەم کاتەدا باس لە کردەوەی خۆتەقاندنەوە دژ بە بەرژەوەندیەکانی ئەمریکا بکات.



خۆتەقاندنەوە وەک کردەوەی تیرۆریستی چاوی لێدەکرێ، هەر هێزێک ئەگەر پەنای بۆ ببات، بێشک ناوی لەلیستی گروپە تیرۆریستیەکان دادەنرێ. ئەمە لە کاتێکدایە کە کە ئەمساڵ ناوی پژاک و پەکەکە لەگەڵ ئەو لیستەدا نەبوو کە ئەمریکا بڵاوی کردەوەو ناوی ژمارەیەک گروپی تیرۆریستی تێدا ڕیز کردبوو. بۆیە چاودێران پێیانوایە ئەم لێدوانە زیان بە پژاک و بە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان دەگەیەنێ. لەلایەکەوە هەمیشە بزاڤی کوردایەتی باس لەوە دەکات کە پەنای بۆ تیرۆرو تۆقاندنی بەرانبەر نەبردووە، کاتێک هەموو ڕێگەکانی دیکەی لەبەردەم داخراوەو مافەکانی لێزەوت کراوە، بەناچاری پەنای بۆ چەکداری بردووە، بەڵام باسکردن لە کردەوەی خۆتەقاندنەوە ڕێک پێچەوانەی ئەو لۆژیکەیە کە بزاڤی کوردایەتی شانازی پێوە دەکات. پرسیار ئەمەیە: 'چ لۆژیک و حیکمەتێک لەوەدایە کە هێزێکی کوردستانی باس لە کردەوەی خۆتەقاندنەوە بکات، ئەمەش لەوکاتەدا کە هەموو جیهان دژ بە کردەوە خۆکوژیەکان و خۆتەقاندنەوەکان ڕادەوەستن و ڕیسوای دەکەن.

ئایا کردەوەی خۆکوژی و خۆتەقاندنەوە لە بەرژوەندی پژاک و بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستاندا دێتەوە یان زیان بە دۆزی ڕەوای گەلی کوردستان دەگەیەنێ؟!

پژاک بۆ خۆی وەک هێزێک هەمیشە ڕەخنە لە هێزەکانی دیکە دەگرێ کە لە تاراوگە دانیشتوون و هەوڵی چالاکی نادەن، بەڵام ئەگەر چالاکی بەکردەوەی خۆکوژی و خۆتەقاندنەوە پێوانەبکرێ، مایەی سەری قازانج دەخوات، گورزێکی کاریگەر بە کێشەی ڕەوای کوردستانیانی وڵات داگیرکراودا دەگات، بەوهۆیەوە ئەگەر هێزێکی کوردستانی پەنا بۆ شێوازێکی زیانبەخش ببات، دەبێ لەلایەن هێزەکانی دیکەو کۆمەڵگەی کوردەوارییەوە هۆشیار بکرێتەوە. بەوهۆیەوە ئێستا ئەرکی سەرکردایەتی پژاکە کە خۆی یەکلایی بکاتەوە. ئەگەر باوەڕی بە کردەوەی خۆکوژی و خۆتەقاندنەوە هەبێ، ئیدی ڕێگەی چالاکی هاوبەش و کاری هاوبەش لەگەڵ هێزەکانی دیکە بەبنبەست دەگات، ئەگەر ئەو شێوازەش ڕەت دەکاتەوە، گەرەکە بە زوویی هەڵوێستی خۆی پێشان بدات و بە ڕای گشتی جیهان و کوردستان ڕابگەیەنێ کە ئەو لێدوانە دەربڕی هەڵوێست و ڕامانی ئەوان نیە.

کورد دەبێ ئەو ڕاستیە بزانێ کە تەنیا ڕۆیشتن لەگەڵ ڕەوتی جیهانی کێشەکەی بە ئاکام دەگەیەنێ، چونکە شێوازو ڕێگەکانی دیکە لە ڕابردوودا تاقیکراونەتەوەو ناکام ماونەتەوە، باشترین بەڵگەش ئەو کردەوە خۆکوژیانەیە کە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە دژ بە ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە عێراق و ئەفگانستان و وڵاتانی دیکە ئەنجامی دەدات، دەبینین نەک هەر ئەمریکای ناچار نەکردووە کە لەگەڵیان دابنیشێ، بەڵکو سوودی زۆری بە ئەمریکا گەیاندووە، بەوهۆیەوە دۆست و لایەنگری زۆر بۆ ئەمریکا پەیدا بووەو خۆبەخشانە هاوشانی ئەمریکا دژ بە تیرۆر دەوەستن، ئەگەر کورد یان هێزێکی کوردستانیش پێیوابێ کە بە کردەوەی خۆکوژی و خۆتەقاندنەوە دوژمنەکانی بەچۆک دادەهێنێ، هەڵە دەکات، بەڵکو بەوکارەی خزمەتێکی گەورە بە دوژمن و داگیرکەران دەکات، دەبێتە هۆکارو پاساوێکی باش بەدەست دوژمنانەوە تا باشتر لە بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بدەن و دەرگەی بەجیهانی بوونی کێشەی لەڕوودا دابخەن، تەنانەت بەپەنابردنە بەر کردەوەی خۆکوژی گەلەکۆمەکی داگیرکەران و نێودەوڵەتی دژ بە گەلەکەمان گەورەتر دەکاتەوە.

**ئازاد مەردۆخی**

# ئەو هەواڵانەی کە شرۆڤەی جیاوازیان بۆ دەکرێ

لە ماوەی ڕابردوودا سێ هەواڵ پانتای بڵاوکراوەکانی کوردستانیان گرتەوە، بە ئەرێنی و نەرێنی لەسەریان نووسرا. دەتوانین بە سێ هەواڵ، یان سێ ڕووداوی سەرنجڕاکێش پێوانەیان بکەین.

بۆ باسکردنی ئەو هەواڵانە لەپۆستی گەورەوە بۆ بچووک دەڕۆین.

**یەکەمین هەواڵ**، ئەو قسەیەی ڕێزدار تاڵەبانی سەرکۆماری عێراق بوو کە گوتبووی : ئەوانەی لەماڵپەڕەکاندا ڕەخنە دەگرن، من پێیان دەڵێم سەگ بە مانگەشەو وەڕێنە، دەبێ مافی وەڕین بە سەگ بدەین!!

ڕاستیەکەی سەرۆک تاڵەبانی بەوە ناسراوە کە خۆی ڕۆژنامەوانەو ئازادی ڕۆژنامەوانی و ڕامانی لاپەسندە، پێشتر کە تەنیا پۆستی سکرتێری گشتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستانی هەبوو، گوتبووی: ' ڕەخنە بگرن، ئەگەر گوتیان بۆ وا دەنووسن، بڵێن سکرتێری گشتی فەرمانی پێکردووم' بۆیە دەبوایە هەمجارەشیان هەمان بۆچوونی دووپات بکردبایەوەو ڕەخنەگری بە سەگ ناوەزەد نەکردبا، چونکە ئەگەر ڕەخنەگر پێوانەی سەگی بۆ بکرێ، ئیدی لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، لێدان و تێهەڵدان و کوشتنیشی زۆر ئاسان و ئاسایی دەبێ. هەڵبەت تێڕامانی لەو بابەتە پێچەوانە دێتەوە، بەزیانی کۆمەڵگەو پێشکەوتنی تەواو دەبێ. چونکە ڕێزدار تاڵەبانی سەرکۆماری وڵاتی عێراقە، ئەوەی کە ئەمریکاو هاوپەیمانانی دەیانەوێ وەکو نموونەی دیموکراسی پێشانی وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ئاسیای بدەن

**دووەمین هەواڵ** ئەوەیە کە زانکۆیەکی ئەمریکی بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بە ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبەخشێ.

من وەک کوردێک پیرۆزبایی لە بەڕێز کاک نێچیرڤان بارزانی دەکەم، بەڵام ئەم هەواڵە بە هەردوو لایەنی ئەرێنی و نەرێنی شرۆڤەی بۆ کراوەو بۆ دەکرێ. بەخشینی بڕوانامەی دکتۆرا لێکدانەوەی جیاوازی هەڵدەگرێ، لەلایەکەوە بانگەشە دەکرێ کە لەپای ئەو خزمەتگوزاریانەیە کە بەڕێزیان وەک سەرۆکی هەرێمێکی فیدراڵ لە عێراق پێشکەش بە جەماوەری کردووە، یەکەمین جاریشە ئەو زانکۆیە بڕوانامەی دکتۆرای فەخری بە کەسێکی نا ئەمریکی بدات. ئەگەر کاک نێچیرڤان ڕەگەزنامەی ئەمریکی هەبێ و خێزانەکەی لەوێ بژی، ئەمە کارێکی ئاساییە، بەڵام هەندێ کەس پێیانوایە ئێستا وەرگرتنی بڕوانامە لە زانکۆکاندا بەرانبەر پارەیە، ئەگەر ئەمەش بەم شێوەیە وەربگیرێ، نەک هەر سوودی بۆ خودی سەرۆکی حکومەت تێدانیە، بەڵکو بەهەدەردانی پارەیەو لەگەڵ بانگەشەکانی پێشکەوتنی ئابووری نایەتەوە.

ڕاستیەکەی سەرۆکی حکومەتی هەرێم و هەر کەسێکی دیکە ئەگەر لە پۆستێکدا بێ و بڕوانامەی دیکە وەربگرێ، هیچ لە مەسەلەکە ناگۆڕێ و ئیمتازاتی دیکە بە خاوەنەکەی نادات.

**سێیەمین هەواڵ** لە کەمپینی بە دادگەیی گەیاندنی بەرپرسی ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستانە کە لایەنێکی سەرەکی دەستەڵاتی هەرێمی کوردستانە. ئەوەش کاتێک هات کە ساڵی ڕابردوو هەندێک ڕۆژنامەنووس باسیان لەوە کرد کە بەرپرسی ڕاگەیاندنی پارتی لە کۆڕێکدا کە لە ١٥-٢-٢٠٠٧ لە ئوتێل هەورامانی شاری هەولێر پێکهاتووە، بەڕێزی سوکایەتی بە خەڵکی کوردستان و لادێ نشینەکان کردووەو گوتویەتی: 'خەڵکی کوردستان سیفەتی سەگی وەرگرتوە، وەختێک پێت ناوەڕێ کە نانی بدەیتێ' و ' گوندنشینەکانی ئێمە بێ شەهامەترین گوندنشینن' بۆ لەقاودانی ئەو بۆچوونە کەمپینێک پێکهات و دە هەزار ئیمزا کۆکرایەوە، بەڵام بەرپرسی دەزگەی ڕاگەیاندنی پارتی ئەو تۆمەتە ڕەت دەکاتەوە، بۆیە ئێستا کە کێشەکە بە دادگە گەیشتووەو گوایە کەمپینەکە ئاگادارکراوەتەوە تا ڕۆژی ٢٣-٦-٢٠٠٨ وەک سکاڵاکەر لە یەکەمین دانیشتنی دادگە ئامادەبێ.

دادگەی کوردستان بەهۆی ئەوەی لەلایەن حزبە دەستەڵاتدارەکانەوە قۆرخ کراوە، چاوەڕوانی ئەوەی لێناکرێ کە بتوانێ بڕیارێک بەرانبەر بەرپرسێکی لایەنی دەستەڵاتدار دەربکات، ئەگەر دادگە بوێری ئەوەی کرد، ئەوکاتە دەتوانرێ باس لە سەربەخۆیی دەستەڵاتی دادوەری بکرێ. ئەو کاتەش ئاسۆیێکی دیکە بۆ داهاتوو دەکرێتەوە.

**سەربەست کانەبی**

# معەمەر قەزافی دەیەوێ داهاتی نەوت بەسەر خەڵک دابەش بکرێ

**معەمەر قەزافی** سەرۆکی لیبیا بەرپرسانی حکومەتی وڵاتەکەی بە گەندەڵی تۆمەتبارکردو جەختی کردووە کە دەبێ داهاتی نەوت بەسەر خەڵکی ئەو وڵاتە دابەش بکرێ.

قەزافی لەمانگی ئازاری ئەمساڵدا داوای چاکسازی لە حکومەت کردبوو، ویستبووی کە خەڵکی لیبیا لەدەست بیرۆکراتیەت ڕزگاریان بێ و میزانیەی دەوڵەتیش لە گەندەڵکاران بپارێزرێ، بەڵام لەهەفتەی ڕابردوودا جارێکی دیکە نیگەرانی خۆی سەبارەت بە دیاردەی گەندەڵی پێشانداو جەختی کردووە کە دەبێ داهاتی نەوت بەسەر خەڵک دابەش بکرێ، چونکە ئەمە سامانی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەیە.

چاودێران پێیانوایە دوای ئەوەی لیبیا لە گەمارۆی ئابووری دەرباز بوو، ئێستا بەڕێژەیەکی بەرچاو نەوت ڕەوانەی دەرەوە دەکات، هەندێک سەرچاوە پێیانوایە کە ڕۆژانە زیاتر لە یەک ملیۆن و نیو بەرمیل نەوت ڕەوانەی دەرەوە دەکات، بەوهۆیەوە دەبووایە خەڵکی ئەو وڵاتە باشتر تێیدا سوودمەند ببان، بەڵام سەرۆکی وڵات لە ڕەفتارو پرۆژەکانی حکومەت ڕازی نیەو دەیەوێ خەڵک باشتر سودمەند بن و ژیانێکی شیاویان بۆ دابین و مسۆگەر بکرێ.

هەرچەندە کە لە دەمێکە کێشەی نیشتەجێبوون چارەسەرکراوەو هەوڵی بنبڕکردنی بێکاری دراوە، بەڵام دیسانیشەوە یەکسانی دەستەبەر نەبووە کە حکومەت بانگەشەی بۆ دەکات.

معەمەر قەزافی لەبەردەم کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی بەرپرسانی حکومەت و مامۆستایاندا ڕاشکاوانە ڕەخنەی لە شێوازی بەڕێوەبردن گرت و بە گەندەڵی تۆمەتباری کردن و لێیخواستن کە بەزوویی هەوڵی چاکسازی بدەن و کۆمەڵگە لەو گێژاوە دەرباز بکەن. نموونەی بە پەروەردەو تەندروستی هێنایەوەو گوتی: ' لەوانەیە ئەمە بۆ خەڵک کارەسات بێ، بەڵام ئەمە نەشتەرگەرێکی پێویستە بۆ گەیشتن بە ڕەوشێکی باش.

قەزافی دووپاتی کردەوە کە وڵاتێکی وەک لیبیا کە ژمارەی دانیشتوانەکەی ٥ ملیۆن کەسە، کەچی یەک ملیۆن فەرمانبەری هەیە، ئەمە لەکاتێکدایە کە تێکڕای دانیشتوان بە شێویەک لە شێوەکان مووچە وەردەگرن و لە داهاتی نەوت سوودمەند دەبن، بەڵام لەوانەیە سێ چارەیەکی بە ناڕەوا بێ، بۆیە پێویستە سیستەمێک هەبێ تا داهاتی نەوت بەسەر دانیشتوان دابەش بکرێ.

قەزافی داوایکرد کە خەڵکی لیبیا بۆخۆیان لەسەر چاکسازی سیستەمی پەروەردەیی و خوێندنی منداڵەکانیان، ڕەوشی لەشساغی و کەمکردنەوەی باجی کەلوپەلی هێنراو بڕیار بدەن.

معەمەر قەزافی لەوەتەی بە کۆدێتا لەساڵی ١٩٦٩ەوە جڵەوی فەرمانڕەوای وڵاتەکەی وەرگرتووەوە، هەوڵی داوە کە بەردەوام بەشێوازێک سیاسەت بکات تا دڵی جەماوەرەکەی بەلای خۆیەوە ڕابکێشێ، لەمەشدا سەرکەوتوو بووە، هەرچەندە هێزو ڕێکخراوی نەیارو ئۆپۆزیسیۆنیش هەن و لە تاراوگەدا ڕکابەری لەگەڵدا دەکەن، بەڵام لەساڵی ڕابردو داوای لە هەموو هێزە نەیارەکان کرد کە بگەڕێنەوە وڵات کاری سیاسی خۆیان درێژە پێبدەن.

بۆچوونەکەی قەزافی وێڕای ئەوەی کە ڕەواو ڕاستینە، مایەی سەرنجە تا وڵاتانی دیکەش چاوی لێبکەن، بەڵام هەمدیسان نازانرێ ئاکام بەچی دەگات؟! ئایا ڕەوشی بژێوی و ئابووری خەڵکی ئەو وڵاتە گۆڕانی بەسەر دادێ و هەژاری و برسێتی بنبڕ دەبێ، یان تەنیا وەک بابەتی میدیاو ڕۆژنامەوانی کاری لەگەڵدا دەکرێ.

ڕاستیەکەی قەزافی بوێری تێدایەو ڕاشکاوانە باس لە گەندەڵی نێو حکومەتەکەی دەکات، بەڵام بەرپرسانی باڵای وڵاتەکەی ئێمە هەمیشە نکۆڵی لە گەندەڵی دەکەن و بەزێدەڕۆیی دادەنێن، ئەوانەی باسیش لە گەندەڵی و گەندەڵکاران دەکەن بە داخ لەدڵ و دوژمنی ئەزموونەکە ناودێری دەکەن و وا لێکدەدەنەوە کە لەبەرژوەندی ناحەزو دوژمنان کار دەکەن، بەڵام خەڵک دەزانن کە پێچەوانەکەی ڕاستین و ڕەواترە.

**ئاکۆ مەجید**

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com